# چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر پلەیستەیشنی ڤیستادا

یەکەمین ئامێری گەمی کۆمپانیای سۆنی کە بە پلەیستەیشن پورتێبڵ ناسراوە، بە ئامێرێکی سەرکەوتووی گەمەکردن ناسرا، بەڵام جیهانی ئامێری گەیم لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکاریی زۆری بەخۆوە دی و ئامێری نوێتر و بەتواناتر لە پلەیستەیشنی پۆرتێبڵی سۆنی کەوتنە بازاڕ، ئەوەش وایکرد ئۆگرانی گەمەی ئەلکترۆنی وەك جاران سەیری ئامێرەکە نەکەن. کۆمپانیای سۆنی جارێکی دیکەش بۆ ئەوەی کە لایەنگرانی گەمەی ئەلکترۆنی بۆلای خۆی رابکێشێتەوە، لە نوێترین پلەی ستەیشینی دا کە بە پلەیستەیشنی ڤیستا ناسراوە، هەوڵیداوە هەموو شتێکی تایبەت بە یاری کۆمپیوتەری لەو ئامێرەدا کۆبکاتەوە. ستایلی ڤیستا زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ ستایلی PSP.


## داکێکی هۆشمەندی گەلەکسی



داك Dock بەو ئامێرە دەگوترێت کە وەك ئامێرێکی لاوەکی لەگەڵ ئامێرێکی دیکە جا لاپتۆپ بێت یان تەبلێت ئەرکێکی گرنگ ئەنجام دەدات، بۆ نموونە "داك" هەیە تەبلێت دەکاتە لاپتۆپ، یان مۆبایل دەکاتە کۆمپیوتەر و...تاد.

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم دواییانەدا لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم لە هاوڕکابەرەکانی زۆر پێشکەوتووە، "داك"Dockێکی تایبەتی بە گەلەکسی 2 بەرهەمهێناوە، ئەو داکە هۆشمەندە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەرەخسێنێت هەرکە مۆبایلەکەت خستە سەر ،دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێك سوود لە گەلەکسی 2 وەربگری.

داکە هۆشمەندەکە لە microUSB بۆ پەیوەندیکردن بە گەلەکسییەوە سوود وەردەگرێت، لە پشتەوەی داکەکە پۆرتێکی HDMIی هەیە کە فیلمەکانی سەر مۆبایلەکە بۆ سەر تەلەڤزیۆن یا مۆنیتۆری کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. هەروەها شوێنی دانانی هیدفۆن، دانانی USB2 هەیە و جگە لەوەش دەکرێت ماوس و کیبۆردیشی بۆ دابنێی.



## گەشت بکە لە زەمەندا

هیچ شتێك بەقەد تەکنەلۆژیای سەردەم جیهانی خوێندنەوەی نەگۆڕی، کتێب و رۆژنامە جێگای خۆیان دا بە کتێبی ئەلکترۆنی و جیهانی ماڵپەڕ و سایتەکان، لەوەش گرنگتر ئەم کتێبە ئەلکترۆنییە کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین.

کتێبێکی ئەلکترۆنی Myst یەکێکە لەو کتێبانەی کە شاشەیەکی لەمسی هەیە و بەهۆیەوە دەکرێت لەسەر ئەو شتانەی لە کتێبەکەدا باسی لێوەدەکات و ئاماژەیان بۆدەکات پەنجە دابنێیت و راستەوخۆ سەبارەت بەم شوێنە فیلم و وێنە نیشان دەدات، هەروەها دەکرێت وەك ئامێرێکی گەمە کردنیش سوودی لێوەربگیرێت. کتێبەکە کۆمپیوتەرێکی بچووکی تێدایە کە ویندۆزXP دەخوێنێتەوە. سایزی کتێبەکە بەقەد کتێبێکی گیرفان دەبێت، کتێبەکە شەحن دەبێتەوە. دەکرێت هەتا دوو کاتژمێر سوودی لێوەربگریت. خوێنەری کتێبەکە ئەگەر تاقەتی خوێندنەوەی نەما دەکرێت چەندین گەمەی ئەلکترۆنی لە جۆری Myst ئەنجام بدات.




ئامێرەکە پرۆسیسەری 4ی لەسەرە کە توانایی گرافیکی لە ئاستی پلەی ستەیشن 3 دایە. شاشەکەی 5 ئینجە و تەواو لەمسییە. دوو کامێرای لەسەرە یەك لە پێشەوە و یەکیش لە پشتەوە. هەروەها دوو شاشەشی هەیە.




## کۆمپیوتەرێکی بچووک و دوو سیستەمی ویندۆز

لە کۆتاییەکانی مانگی ڕابردوودا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت سیستەمی ویندۆز8ی خستە بازاڕەوە، لەمەولا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە کۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایلی تایبەت بە ویندۆز 8 بکەونە بازاڕەوە، کۆمپیوتەری جۆری Tegatech DLI7200 کە نازانرێت لە ڕیزی کۆمپیوتەر بێتە ژمار یا مۆبایل، خاوەنی شاشەیەکی بچووکە و بە هەموو تواناکانی سیستەمی ویندۆز. کۆمپیوتەری دەستی یان هەر ناوێك کە بەکارهێنەر حەزی لێدەکات لێی بنێت، خاوەنی شاشەیەکی لەمسی 4.3 ئینجە، پرۆسیسەری جۆری Intel ی لەسەرە و دوو گیگابایت ڕامەکەیەتی و توانای پشتیوانی کردنی لە گشت سیستەمەکانی ویندۆز وەك XP، 7 و 8 و سیستەمی ئەندرۆید و سیستەمی گوگل هەیە. بەڵام کۆمپیوتەری ناوبراو بەمەبەستی سوود لێوەرگرتنی گشت نییە و بەڵکو کۆمپیوتەرێکی تایبەتە و بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە شوێنی بازرگانی و کاری دیزاین بەرهەم هاتووە. کۆمپیوتەرەکە زۆر پتەوە و سکاینەری کارتی بانکیشی لەگەڵدایە. جگەلەوەش خاوەنی RFID reader، سکەینەری بارکۆد و هەروەها سیستەمی NFCیە.

## ماوسێکی سەرنجڕاکێش لە تارگوسەوە



ماوس مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ کۆمپیوتەردا هەیە ، هەرچەندە وەك ئامێری سەرەکیی کۆمپیوتەر سەیری نەکراوە، بەڵام گرنگترین ئامێری لاوەکیی کۆمپیوتەر بووە، چونکە بەبێ ماوس ناکرێت بە ئاسانی فەرمانەکان جێبەجێ بکەی و پرۆگرامەکان بکەیەوە. لەم دواییەدا ماوسی جۆری AMW3001EU لەلایەن کۆمپانیای تارگوسەوە هاتە بەرهەم کە بۆ بەکارهێنەرانی لاپتۆپ گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو ماوسە وایەرلەیسە هاپی USB سێ پۆرتەی هەیە. دیزاینی ماوسەکە سەرنجڕاکێشە و لە جۆری ئیپتیکالە، ماوسە بچووك و کەم کێشەکە نزیکەی 60 گرام کێشیەتی کێشی هابەکەشی 40 گرامە.




# بەبێ بوونی ئیمێل ئیمێلەکانت بنێرە



هەروەك دەزانن بۆ ناردنی ئیمێل واتە پەیامی ئەلکترۆنی ئینتەرنێتی، پێویستە لەیەکێك لەو سایتانەی کە خزمەتگوزاری ناردنی و وەرگرتنی ئیمێلیان هەیە دەبێ بەشدار بیت و ئەکاونتێکت هەبێت، واتە ئیمێلی تایبەت بەخۆت هەبێت.. بەڵام دەکرێت هیچ ئیمێلێکت نەبێت و بتوانی نامەکانت بنێریت؟

سایتی Bubbles، سایتێکە کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێت کە بەبێ بوونی هیچ ئەکاونتێك و بەبێ ئەوەی لە سایتەکانی خزمەتگوزاری ئیمێل وەك یاهوو و جیمەیل بەشدار بیت، راستەوخۆ هەر لە خودی سایتەکە ئێمێل بەرێ بکەیت. جگە لەوەش دەکرێت نامەکانت بە وێنەی سەرنجڕاکێش برازێنییەوە و هەروەها سایزی فۆنت و جۆری فۆنتەکە و رەنگی فۆنتەکەش بە ویستی خۆت بگۆڕیت، یان ئەگەر شارەزای بواری دیزاین کردنی دەکرێت نامەکەت کولاژ بکەی.

ئەگەر کۆمپیوتەر یا لاپتۆپەکەتان لە جۆری لەمسییە، دەتوانی نامەکە بە دەستخەتی خۆت بنووسی و هەر بەم دەستخەتەی خۆت نامەکەت بڕوات، بۆ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر کە خەتی تۆ دەناسێتەوە، دڵنیابێت کە ئەم پەیامە لەلایەن تۆوە بەرێکراوە. جگەلەوەش سایتەکە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە دەتوانیت لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا بەشدار بیت و ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێت کە هەم ئیمێل بنێریت و هەم لەگەڵ کەسانی دیکە کە لەم سایتەدا بوونیان هەیە بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەیت.

# نوتی بووک- تەبلێتێک بە توانای جۆراوجۆرەوە



دوای بڵاوبوونەوەی ویندۆز8ی مایکرۆسۆفت، گۆڕانێکی دیکە لە تەکنەلۆژیای نوێدا دێتە گۆڕێ، کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن بەرهەمە ئەلکترۆنییەکانیان لەگەڵ ئەو سیستەمە بگونجێنن. کۆمپانیای Lenovo یەکێکە لە بەرهەمهێنەرەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم بەم دوناییە نوێترین بەرهەمی خۆی بە ناوی ThinkPad Twist خستە بازاڕەوە.

ئەو ئامێرە نوێیە لەراستیدا هەم نوتی بووکە- هەم تەبلێت، شاشەکەی 12,5 ئینجە، شاشەکە توانای سووڕانی 180 پلەی هەیە بە دەوری خۆیدا، بە ئاسانی لەسەر کیبۆرد دادەنرێت بەمجۆرە دەبێتە تەبلێتێکی ویندۆز. تەبلێت- نۆت بووکەکە پرۆسیسەرەکەی جۆری Core i5ی ئەنتەلە، خێراییەکەی 7/1 گیگاهێرتزە، رامەکەی 4 گیگابایتە. هاردەکەی 500 گیگابایتە. جگە لەوەش سیستەمی پەیوەندی Wi-Fi بلوتوس و دوو پۆرتی USB3.0 و پۆرتێکی mini HDMI هەیە.

# ئامێرێک بۆ چاودێرکردنی منداڵان لە رێگای دوورەوە

کۆمپانیای Belkin کە یەکێکە لە کۆمپانیا چالاکەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی تایبەت بە ماڵەوە، هەوڵ دەدات کە ماڵێکی دیجیتالی هۆشمەند فەراهەم بکات، لەم دواییەدا بەرهەمێکی نوێی دیجیتالی خستە بازاڕەوە، نوێترین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو Wemo Babyیە کە بۆ چاودێرکردنی منداڵان لە رێگای دوورەوە بەرهەم هاتووە.

ئامێرەکە ئەو هەلە بۆ دایك و باوکان دەڕەخسێنێت کە لە دوورەوە گوێیان لە دەنگی گریان و تەنانەت گڕوگاڵی منداڵانەشیان بێت، ئەو ئامێرە سادە و ساکارە لە راستیدا میکرۆفۆنێکە کە توانای پەیوەندی Wi-Fi هەیە، دەتوانێت دەنگی منداڵان لەیەك کاتدا لەسەر شەش ئامێری دیکە بڵاو بکاتەوە. دەبێت ئەو ئامێرانەی کە دەنگی منداڵەکان بڵاودەکەنەوە سیستەمی جۆری ioS5 یان لەسەر بێت، جا ئامێرەکە کۆمپیوتەر، مۆبایل یا تەبلێت، یا هەر شتێکی دیکە بێت. هەر ئەوەندە بەسە کە پرۆگرامی تایبەت بە ئامێری WeMo Baby ی لەسەر داندرابێت.




بەمجۆرە ئەو دایك و باوکانەی کە بەهۆی کار و ئەرکی زۆریانەوە کەمتر دەتوانن لەلای منداڵەکانیان بن، بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانن ئەگەر لە ژوورێکی دیکەش بن هەتا لە نووسینگە یان شوێنی کاریشیان بن، دەنگی منداڵەکانیان گوێ لێبێت.

# کۆمپیوتەرێکی چەند ئەرکە و خێراییەکی بەرچاو

کۆمپیوتەری چەند ئەرکە بەو جۆرە کە دەستەواژە ئینگلیزییەکەی بە All in one ناسراوە واتە "گشت لەیەك دا" بەو جۆرە کۆمپیوتەرە دەگوترێت کە کۆمپیوتەر و مۆنیتۆر و تەنانەت کیبۆردیش لە یەك شاشەدا کۆکراونەتەوە. کۆمپانیای MSI لەم دواییەدا نوێترین کۆمپیوتەری لەم جۆرەی بەرهەم هێناوە. کۆمپیوتەرە چەند ئەرکەکەی کۆمپانیای ناوبراو سیستەمی ویندۆز8ی لەسەرە و خودی کۆمپیوتەرەکە بە ناوی Wind to Ae2712 ناسراوە، ئەو کۆمپیوتەرە چەند ئەرکە خاوەنی شاشەیەکی LCD تەواو لەمسییە و سایزەکەی 27 ئینجە کە وێنە بە کوالیتی فوول ئێچ دی نیشان دەدات. ئەو شاشەیە تەواو لەمسییە و لە یەك کاتدا دە فەرمان وەردەگرێت. کارتی گرافیکی کۆمپیوتەری ناوبراو لە جۆری NVIDIAیە هەربۆیە لە بارەی گرافیکییەوە لە ریزی یەکەمدایە. رامەکەی 8 گیگابایتە و تواناکانی دیکەی وەك بوونی Wi-Fi توانای هەڵبژاردنی DVD و Blu-ray، دوو پۆرتی USB3.0 و چوار پۆرتی USB2.0 هەیە. کۆمپیوتەرەکە بۆ ئەوانەی کاری گرافیکی و ئەرکی دیزاین و نەخشە سازی ئەنجام دەدەن زۆر گرنگە.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆر جاران بۆ من و رەنگە بۆ کەسانی دیکەش هاتبێتە پێش کە فایلێکی وۆرد (word) یا فایلێکی سەر بە پرۆگرامەکانی ئۆفیس، وەك ئیکسێل و ئیکسیز...تاد، لەکاتی نووسینیدا، یان بەهۆی کێشەی کوژانەوەی کارەبا، یان هەر خۆمان لەکاتی سەیف کردنی فایلەکەدا لەبری فەرمانی save, فەرمانی don't save لێدەدەین و ئەوەی زەحمەتمان پێوەکێشا هەمووی دەسڕێتەوەو چونکە بۆخۆشمان فەرمانمان پێکردووە سەیڤی نەکات، ئیدی سەیڤی ناکات. ئایا ئەگەر لەکاتێکی وادا ئەگەر پەشیمان ببینەوە و داوای گەڕانەوەی ئەو نووسینەی کە کردوومان و خەزنمان نەکرد بکەین، شوێنێك هەیە بۆ هەڵگرتنی نووسینە سەیف نەکراوەکە...

پرسیارەکەت لە شوێنی خۆیدایە، بەڵێ خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، هەمیشە دوایین ڤێرژنی office بەکار بێنن، چونکە لە ڤێرژنی office 2010دا ئەو ئیمکانییەتەی تێدایە کە دوای ئەوەی کە فەرمانی سەیف نەکردنیشیت لێدا، نووسینەکە بگەڕێنیەوە، بەمجۆرە لەسەر فەرمانی file دا، فەرمانی info هەڵبژێرە، لەودا فەرمانی Manage Versions بدۆزەوە و دواتر دوگمەی Recover Unsaved Documents لێبدە، ئێستا ئەو شوێنەت نیشان دەدات کە فایلە خەزن نەکراوەکەی تێدایە و بەپێی مێژووی نووسینەکەی دوای ئەوە فایلەکە هەڵبژێرە و ئیدی نووسینەکەت دەگەڕێتەوە، فایلە سەیف نەکراوەکان هەتا 4 رۆژ لە کۆمپیوتەردا دەمێننەوە، دوای ئەوە ناکرێت بیانگەڕێنیەوە.

# سامسۆنگ گۆڕانکاری لە جیهانی تەبلێتدا پێکدێنێت

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم ساڵانەی دواییدا لە بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم زۆر ئەکتیڤتر بووە لە جارانی، یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی شاشە، لەم دواییەدا تەبلێتکی بەرهەمهێناوە کە شاشەکەی سکەییە و شێوەی دیزاینی کتێبی هەیە.

هەرچەندە پێشووتریش کۆمپانیای سۆنی تەبلێتی لەم جۆرەی بەناوی Tablet P بەرهەم هێنابوو، بەڵام بەوجۆرەی پێویستە لایەنگرێکی ئەوتۆی بۆخۆی بەدەست نەهێنا، لە ئێستادا نازانرێت تەبلێتە نوێیەکەی سامسۆنگیش چارەنووسی تەبلێتەکەی سۆنی دەبێت یان نا. رای لایەنگرانی بەرهەمەکانی سۆنی ئەوە بوو کە نەدەبا لە دەوری شاشەکانی تەبلێتەکە هیچ چوارچێوەیەك هەبا و هەتا هەست کرابا بەوەی کە یەك شاشەیە، بۆیە کۆمپانیای سامسۆنگ ئەو هەلەی قۆستەوە و تەبلێتکی لەم جۆرەی بەرهەم هێنا کە هیچ چوارچێوەیەکی نییە و لەکاتی کردنەوەدا وەك یەك شاشە سەیر دەکرێت. هەتا ئێستا سامسۆنگ ناوێکی بۆ تەبلێتەکەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام رەنگە بە Galaxy Q یا مودێلی GT-B9150 بکەوێتە بازاڕەوە. رامی تەبلێتەکە 2 گیگایە، کامێرای پشتەوەی تەبلێتەکە 8 میگاپیکسلە، و کامێرای پێشەوەش 2 میگاپیکسلە.

